(....ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمدُّ يديه إلى السماء يارب يارب ومطعمهُ حرام ومشربه حرام وملبسه حرام وغذي بالحرام فأنى يستجاب لذلك)[٩].

واتە: دەستەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان دەڵێ ئەی خوایە ئەی خوایە لە کاتێکدا خواردنەکەی حەرامە و خواردنەوەکەی حەرامە و جلو بەرگی حەرامەو بە حەرام گۆش کراوە ئەی چۆن وەڵام ئەدرێتەوە و پاڕانەوەکەی قەبوڵ دەکرێت .

٣- فەرموودەی أبو هريره  ئەڵێ پێغەمبەری خوا  فەرموویەتی:

(يستجاب لأحدكم مالم يعجل يقول دعوتُ فلم يستجب لي)[١٠].

واتە: هەرکامتان داوا لە خوای گەورە بکەن وەڵام دەدرێنەوە بەمەرجێ پەلە نەکات و بڵێت داوام لە خوا کردو و وەڵامی پاڕانەوەکەم نەدرایەوە .

٤- فەرموودەی أبو هريره  لە پێغەمبەرەوە  :

(لا يزال يستجاب للعبد مالم يدعُ بإثم أو قطيعة رحم....)[١١] .

واتە: بەردەوام وەڵامی بەندە دەدرێتەوە بەمەرجێ داوای تاوان و بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی نەکات .

ئەمە و چەندین مەرج و ئادابی زۆر هەن ئەمانە دیارترینیان بوون .

**پ ٤** / ئایا نوێژی سوننەت لە دوای نوێژەکان دەکرێت؟ وە شەونوێژ چەند ڕکاتە؟

**و/** نوێژی سوننەت لە پێش و پاش نوێژە فەرزەکان دەکرێت لە پاش و پێش نوێژی نیوەڕۆ، لە پاش و لە پێش نوێژی عەسر (هەرچەندە زانایان جیاوازیان هەیە بۆ پاش عەسر) لە پێش و لە پاش نوێژی مەغریب، لە پێش و لە پاش نوێژی عیشا، بەڵام نوێژی بەیانی تەنها لە پێشی نوێژی سوننەت هەیە لە پاشییەوە سوننەت نییە، شەو نوێژ تەنها یانزە ڕکاتە بەدەقی فەرموودەیەك کە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرموێ:

(ماكان رسول الله  يزيد في رمضان ولا في غيره عن إحدى عشرة ركعة)[١٢].

(٩) (رواه مسلم) .

(١٠) (رواه البخاري ومسلم) .

(١١) (رواه مسلم) .

(١٢) (رواه البخاري ومسلم) .

واتــه: پێغەمبــەری خــوا ¢ هــەرگیز لــە ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزاندا لـە یانزە ڕكـات زیاتری نەكردووە

**پ** ٥ / مـن خوشـكیكم بـە مێـرد داوە بەكەسێك ئەوانیش ئەوكات منداڵێكیان لەمن مارە كردوە ئێستا منداڵەكە گەورە بوە من دەمـەوێت بیهێـنم بـەڵام نـام دەنـێ دەڵـێن پارەت دەدەینـێ ئایا ئـەم پارەیـە حەرامـە وەرگرتنی یاخودنا حوكمەكەی چۆنە؟

**و**/ پێــشەكی ژن بــە ژن ئەگــەر مــەرجی گۆڕینــەوەی تیـادا بێـت بـۆ نموونـە بڵێـت خوشكی خۆمت ئـەدەمێ بـە مـەرجێ تـۆش خوشــكی خــۆتم بــدەیتێ و مارەییــان بــۆ دانـەنرێ ئەمـە دروسـت نییـە، بـەڵام ئەگـەر مارەییان هەبێت ئـەوە هەنـدێ لـەزانایان بـە دروسـتیان دانـاوە هەرچـەندە ڕای پەسـەند ئەوەیـە ژن بـە ژن دروسـت نییـە وەك لـە حەدیسی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خـوا ¢ نەهی كـردووە لێـی: (**نهى رسول الله ¢ عن الشغار**)[١٣] .والشغار هو أن يزوج الرجــل ابنته على أن يزوجه الآخر ابنته ولــيس بينــهما صداق ..وقال بعض العلماء جملة وليس بينــهما صداق من كلام نافع .

پاشـان بـە مێرددانـی كـچی منـداڵ لـە لایـەن خـاوەنی كـچە بـە تایبـەت بـاوك و بـاپیرە دروســــتە هەرچــــەندە لای زانایــــانی شـوێنكەوتوانی ئیمـامی شـافعی ڕەحمـەتی خوای لێ بێت ئەوەیان بە سوننەت داناوە كە باوك و باپیرە كچ بە مێرد نەدەن تاوەكو پێ دەكـات و پرسـی پـێ دەكرێـت ڕای پەسـەند ئەوەیـە ئەگــەر بــە منــداڵی بــە مێــرد درا دادەمەزرێت بە مەرجێك كچەكە لە كاتی باڵغ بونیـدا قایـل بێـت بـەڵام ئەگـەر قایـل نـەبوو هەڵدەوەشێتەوە ئەمە بۆ چوونی پێـشەوایان لـە هاوەڵـانی پێغەمبـەرە ¢ وەك( عومـەر، عـەلی، عبـد الله بـن مـسعود، ابـن عمـر، أبـو هريره) خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت. جـا ئەگـەر كـچەكە ڕازی بـوو ئـەوە خێزانـی خۆتە و دەبێ بتدەنێ و زوڵم دەكـەن ئەگـەر قەدەغـەتان بكـەن ئەوكاتــە دەتــوانی بــۆ تەڵاقـدانی پارەیـان لــێ وەربگریـت، بــەڵام ئەگـەر ڕازی نـەبوو ئـەوە دانەمـەزراوە هـەر پارەیەكت دا بێت بۆت دەگەڕێتەوە .

**پ٦**/ من بەتەمام ببم بـە باڵـاپۆش إن شاء الله بە پشتیوانی خوای گەورە پرسیارەكەی مـن لێـرەدا ئەوەیـە ئەگـەر تەوبـە بكـەیت وەك منداڵێك وایت كە تازە لـەدایك بوبێـت؟ یـانی

(١٣) (رواه أحمد ومسلم).

پارە و پول و سامانی دونیایە خوا پەنامان بدات .

**پ١١/** ئایا میز کردن بە پێوە جائیزە؟

**و/** یەکێك لە ئادابەکانی دەست بە ئاو گەیاندن ئەوەیە لە شوێنێکدا ئەو کارە ئەنجام بدەیت کە جلوبەرگ و گیانت پیس نەبێت هەروەها بە پێوە میز کردن ئەگەر ببێتە مایەی پیس بوونی ئەوانە ئەوا دروست نییە، جا میزکردن بە پێوە جوان نییە و پێچەوانەی ئاکارەکانە، بەڵام ئەگەر بە پێوە بکرێت و لەش و جل و بەرگ پیس نەکات دروستە .

عائشە (خوای لێ ڕازی بێ) ئەفەرمووێ:

**(من حدّثكم أن رسول الله ﷺ بال قائماً فلا تصدِّقوه ما كان يبول إلا جالساً)[١٦].**

واتە: هەر کەس پێی ووتن پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێوە میزی کردووە ئەوە باوەڕی پێ مەکەن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە بە دانیشتنەوە میزی دەکرد . ئەمە سوننەتی بەردەوامی پێغەمبەری خوایە ﷺ بەڵام دەبینی (حذيفة ؓ) ئەفەرمێت:

**(أن النبيّ ﷺ انتهى إلى سباطة قومٍ فبال قائماً فتنحيتُ عنه فقال أُدنه فدنوت حتى قمت عند عقبيه فتوضأ ومسح على خفيه)[١٧] .**

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشتە سەر سەرانگوێلکەیەك بە پێوە میزی کرد منیش دورکەوتمەوە لێی فەرمووی نزیك بەرەوە نزیك بومەوە تا لە پشتیەوە وەستام جا دەستنوێژی کرد و مەسحی کرد لەسەر خوفەکانی.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە جائیزە بەمەرجێك پارێزراو بێت لە پرش و پیس بوون .

بۆچوونی عائیشە لەسەر ئەوە بنیات نرابوو کە نەیبیستبوو بەڵام بینیبوی لە زانستدا بەوەی (حذيفة ؓ) کار دەکرێت کە جائیزە.

**پ١٢/** حوکمی صیغە یان هاوسەرێتی بۆ ماوەیەکی کەم چیە؟

**و/** زەواجی سیغە یان کاتی زانایان پێناسەیان کردووە بەم شێوەیە کە بریتیە: (زەواجی کات بۆ دانراو بە زەمانێکی زانراو یان نەزانراو کە کۆتایەکەی ٤٥ ڕۆژە کە ئەو

(١٦) رواه الخمسة إلا أبو داود وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٠١) .

(١٧) (رواه الجماعة) .

زەواجەیە هەڵدەوەشێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی حەیزیان نەماوە بەو کاتە وە بە دوو حەیز بۆ ئەو ئافرەتانەی دەکەونە حەیزەوە وە چوارمانگ و دەڕۆژ بۆ ئەو ئافرەتانەی (سیغە)کرابن بەڵام پیاوەکانیان بمرن حوکمی ئەم زەواجە تەنها ئەو مارەیەی پێ دەدرێت کە بەمەرج گیراوە وە هیچ نەفەقەیەکی نادرێتێ و نە میرات وەردەگرێت وە هیچ عیدەیەکی نییە ئەو چوار مانگ و دەڕۆژە نەبێت وە بەو زەواجە هیچ خزمایەتیەك جێگیرنابێت و خزمایەتی ژن و ژنخوازی پێ جێگیر نابێت)

حوکمی ئەم زەواجە ئەوەیە کە زۆربەی زانایانی ئیسلام بە حەرامیان داناوە بەبەڵگەی:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْعَادُونَ﴾ [المؤمنون ٥-٧] .

دووەم: (سبرە الجهینی) ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(یا أیها الناس اني قد كنت أذنت لكم في الاستمتاع من النساء وإن الله حرّم ذلك إلى يوم القيامة فمن كان عنده منهن شيء فليخل سبيله ولا تأخذ مما آتيتموهن شيئاً)(١٨) .

کەوا بوو ئەم زەواجە شتێکی خراپ و حەرامە و با چیتر ئافرەتان نەکرێن بە کاڵا و بۆ کاتێکی کەم بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت .

**پ١٣/** ئایە لەشەرعی ئیسلام زەواج میسار هەیە، ئەگەر نییە ئەوانەی ئەو زەواجیان کردوە تاوانەکەیان چییە؟وە ئەگەر هەیە چۆنە؟

**و/** زەواجی مسیار یەکێکە لەو زەواجانەوەی لەم سەردەمەدا پەیدا بووە و پێشتر لەناو موسڵمانانداا نەبووە ئەسڵی ووشەکە دەگەڕێتەوە بۆ (سیر) واتە: ڕۆشتن بەمانای ئەوەی مێردەکە بەبەردەوامی لای ژنەکە نەبێت هەرکات ڕێی کەوتە ماڵی ژنەکە دەچێت بۆ لای هۆکاریش بۆ دروست بوونی ئەم زەواجە زۆرن لەوانە:

١- زۆربوونی ڕێژەی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا.

٢- کارنەکردن بە هاوسەرگیری ئیسلامی و لەبەرچاوگرتنی تەنها مەرجی جوانی بۆ

(١٨) (رواه مسلم: ٣٤٠٨).

